# پەرلەمان و یاسای ڕۆژنامەگەری

ڕزگار عومەر
rezgaromer@dengekan.com



ساغ بوونەوەی "پەرلەمانی کوردستان" لەسەر دژایەتی ئازادی بیرو‌راو ڕۆژنامەگەری هەلوێستێکی تازە نیەو هەر ئاکام و هەڵوێستی لەو بابەتە چاوەڕوان دەکرا کە دوورو نزیک پەیوەندی بە ئەندێشەکانی ئازادی و مافەکانی مۆدێرن بوونی کۆمەڵگەوە نیە.

چونکە پێکهاتەی ئەو پەرلەمانە بەشی زۆری لەسەر کۆکردنەوەو دڵ ڕازی کردنی ئەو کەسایەتیانەیە پێکهاتووە کە وەڵامە بە بونیادی خێڵەکی،یان بونیادی تەواو دینی،یان تەواو حیزبی جا چ پارتی و یەکێتی بێ چ ئیسلامی بێ لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

ئەم پێک هاتەیەی باکگراوندی کۆمەڵایەتی وسیاسی زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان، بۆ سیستەمی سیاسی لە کوردستان،کە دەسەڵاتی موتڵەقی حیزبایەتی سەروەرە،کایەکی ئاسانی بۆ گوێرایەڵ کردنی ئەم دام و دەزگایە فەراهەم کردووە.

پەرلەمانی ئێستای کوێت فراکسیۆنێکی گەورە لە ئیسلامیەکان باڵا دەستن تیادا کە بیرکردنەوەو کردەوەیان هیچ جیاوازی نیە لە گەڵ قاعیدە،لە میسر "مەجلیس شەعب " ەکەیان لە مەلاکانی ئەزهەر بە حەماسترن بۆ قەدەغەکردنی ئەم کتێب و ڕاکێشانی ئەم نووسەرو ئەم ئەدیب بۆ دادگا ،لۆردەکانی شەڕ لە پەرلەمانی ئێستای ئەفگانستان،کاتێک ئەندامێکی ژنیان قسە دەکا ئەوان پێدەکەنن و تەسبێح بادەدەن یان هەڕەشەی بێدەنگ بوونی لێ دەکەن ،لە تورکیا ولەڕووسیا زۆربەی جیاوازیەکان بە شەڕە پێڵاو بۆکس کۆتایی دێ. پەرلەمان و مەجلیس وەتەنیەکان و هەرچی ناوێکیتریان هەبێ لە بەشی زۆری وولاتانی نامۆ بە کلتوری دیمکراسی،ئەکتەری زۆر لاوازی شانۆگەریەکن کە دەسەڵاتە سیاسیەکان لە ژێر ناوی دیموکراسیدا وەکو دەرهێنەر بە میلەتەکانی ناوچەکەی نیشان دەدەن.

پەرلەمانی کوردستان نەک تەنیا لە ئەرشیفی هەڵویستەکانی 10-15 ساڵی ڕابردووی،بەڵکو لە لە 10-15 ساڵی داهاتوش ناتوانێ بیسەلمێنێ کە ئەو نموونەیەکی جیاوازە لەو نموونانەی سەرەوە،ئەگەر جیاوازیشی هەبێ جیاوازی لاوەکی وڕووکەشن.

ئەگەر جیاواز بوونایە وەکو ناڕازایەتی بەیان نامەیەکیان دەردەکرد لەو دەمەی لە گەڕەکە هەژار نشینەکانی دەورو بەری تەلارەکەیان،لە گەڕەکی "تەیراوە"ی هەولێر خەڵک لە برساندا ڕەوانەی ئێمێرگێنسی دەکران . ئەگەر جیاواز بوونایە قەت نەیاندەهێشت هەر وا بە ئاسانی سەدان ئافرەت لە بەر نەهامەتی ببن بە قوربانی هەوەس بازی لۆردەکانی شەڕی ناوخۆ ، کە سەردەمێک بە کەتافەی خاکی و ئێستا بە قات وڕیباتەوە مۆنۆپۆلی ژیانی سیاسی وئابوری دەکەن.ئەگەر جیاواز بونایەجارێک بە پێچەوانەی دەسەلاتەوە دوو قسەو دوو هەڵوێستیان بە بەرژەوەندی گشتی تۆمار دەکرد .

هەر کەسێک دەیەوێ بۆ ئازادی بیروڕا ئیش بکا ،هەرکەسێک دەیەوێ لە ڕێگای ڕۆژنامەگەریەوە یەخەی مەسەلە گرنگەکانی ژیان و کۆمەلگەو دەسەڵاتی سیاسی بگرێ،با خۆی ڕزگاربکات لە وەهمی ئەوەی پەرلەمان یا دەسەلاتی سیاسی لە کوردستان ببن بە هاوبەشی ئەو خەمە گەورەو جدیانە.

ئایندەیەک کە دەسەڵاتی سیاسی دەیەوێ بە دیاری بهێنێ،ناعەداڵەتیەکی زۆر قوڵتری لە ئەمڕۆ لە خۆی گرتووە،کە وای لێ دەکا زیرەکانە لە ئێستاوە ئیش لەسەر ئەوە بکا خەڵک و قەڵەم دەنگی ناڕازی فێرە بێ دەنگی بکا.یاسای دژە تیرۆر لە کوردستان،کە کراوە بە مقەسێک بۆ پەڕوباڵ کردنی هەموو پرۆژەو یاسایەکی ترومافەکانی تری هاوڵاتیان،خۆی کۆپیەکی کوردیانەی یاسای دژە تیرۆری ئیدارەی جۆرج بۆشە،کە یاسایەکە توانی بە بیانووی ئاسایشی نەتەوەیی و هەڕەشەی دوژمن،لە جیاتی تێک شکاندنی دوژمن،پێش هەموو شتێک توانی پلۆرالیزمی ژیان و مافی سیاسی هاوڵاتیانی ئەمریکا تێک وپێک بشکێنێ .



ڕۆژنامەگەری ،یان بەواتایەکی تر دەنگی سەربەخۆی خەڵک،لە هەموو سەردەمێکدا دەتوانێ درێژە بە خۆی بدات . ئەگەر ئەو یاسایە ڕۆژنامەگەریە بەو شێوەیەی کەدەسەڵات دەیەوێ جێگیر بکرێ ،پێویستە لە سەر هەر ڕۆژنامەنوسێک ودەنگێکی سەربەخۆ کار بۆ بەتاڵ بوونەوەی ئەو یاسا کۆنەپەرستەی چەرخەکانی ناوڕاست بکا.

دەکرێ بە سەلەفیەکانی دەسەڵات وپەرلەمانی کوردستان نیشان بدرێ کە دەنگی سەربەخۆ ئەگەر بەرەو ڕووی سەرکوتیش ببێتەوە بەڵام قەت لە تاڵانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی وئابوری کوردستان بێ دەنگ نابێ.

ئەو ڕۆژنامە داخەن لەویتر سەردەردەکەین. ئەم نوسەر بگرن ئەوەیتر دەست بە نوسین دەکا.پێویستی کۆمەڵگەی کوردستان بە دەنگی سەربەخۆ ئەوەندە بە هێزە کە لە خراپترین بارودۆخێکدا دەتوانێ بە یەک لاپەڕەی کۆپی کراوی ئەم دەست ئەو دەستیش درێژە بە خۆی بدا.